لەیادی سەد و نۆهەمینساڵیادی رۆژنامەگەری کوردیدا

# "ئەگەر قەڵەمەکان ئازادانە نەنووسن، شکاندنیان چاکترە"

عەبدوڵڵا ئەحمەد گەرمکی
abdulagermiki@hotmail.com

بیست و دووی نیسانی ساڵی (1898) بۆ یەکەمین جار رۆژنامەیەکی کوردی بەنێوی (کوردستان) لەقاهیرەی پایتەختی میسر دەرچووە، ئەمەش بۆخۆی هەنگاوێکی زۆر گەورە بوو و دەبێت ئەم رۆژە بەرز و پیرۆز رابگیرێت، چونکە لەدایکبوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردییە، بەمەش ئەم رۆژە بۆتە رۆژی رۆژنامەگەری کوردی. بۆیە هەر بەم بۆنەیەوە ئەم رۆژە لەتەواوی گەلی کورد و لەنووسەران و رۆژنامەوانان پیرۆز دەکەم.

لەدوای سەدونۆ ساڵ، لەکوردستان و هەندەران کوردان ئەو حەقیقەتەیانە زانیوە کە تاقە رێگە بۆ ئەوەی وەکو میللەتانی تر پێشبکەون، دەبێت لەرووی کولتوور و رۆژنامەگەرییەوە پێشبکەون. بۆیە لەدوای برەو بەدەرخستنی رۆژنامە و بڵاوکراوەی کوردی دراوە و ئەمرۆ بەسەدان رۆژنامەی کوردی دەردەخرێن. بەڵام من لێرەدا پێم باشە بەخێرایی راڤەیەکی کورت بکەم لەسەر ئاستی رۆژنامەوانی لەبەشەکانی کوردستاندا و ئەو پرسیارەش لەخۆمان بکەین، ئایا رۆژنامەگەری کوردی تاچەند توانیویەتی میللەتێکی وەکو کورد کە بەدرێژایی مێژوو بندەست بووە، پارچە پارچە کراوە، لەرێگەیەی دەسەڵاتی چوارەمەوە توانیویەتی ببێتە نەتەوەی یان نا؟ هەر لەم نووسینە کوورتەشدا پێم باشە هێما بۆ رەوتی رۆژنامەگەری کوردی بەگشتی بکەم.

وەك دەزانرێت باکووری کوردستان لەساڵانی رابردوو بەحوکمی ئەوەی قسەکردن بەزمانی کوردی یاساخ بوو، ئیدی هەم لەرووی زمان و هەمیش رۆژنامەوانی کوردییەوە هیچ شتێکی وانەبوو کەببێتە جێگەی ئومێد و بۆ ئەوەی لەو سۆنگەیەوە خزمەت بەگەلەکەمان بکات، بەمەش کۆسپێکی گەورەبوو بۆ ئەوەی لەبەشەی کوردستاندا وەکو پێویست، ئاستی رۆژنامەگەری پێش نەکەوێت، بەڵام لەم ساڵانەی رابردوو هەندێ رەوشەکە گۆڕا، کوردانی ئەوێش ئاکتیڤانە توانیان رەوشەکە بقۆزنەوە بۆ خۆیان. ئەوەبوو ئیدی توانیان کۆمەڵێ رۆژنامە و بڵاوکراوە دەربخەن، هەرچەندە دوژمن بەبیانوی جۆراوجۆر فشار دەخاتە سەر ئەو بڵاوکراوە کوردیانەی کەبڵاودەکرێتەوە، بەڵام گرنگییەکە لەوەدایە کۆڵ نەدەدێت و لەسەر ئەو بیروباوەڕییەی کە گرتویانەتە بەر بەردەوامبن، ئەو پێشکەوتنانەی کە لەو بەشەی کوردستاندا هاتونەتە گۆڕێ لەرووی رۆژنامەوانییەوە دەوڵەتی تورکیا بینی کە رۆژ بەرۆژ رۆژنامەوانی کوردی لەبەرەوپێشچووندایە، بۆیە دیسان زمانی زەبروزەنگی بەکارهێنایەوە. ئەوە بوو لەچەند رۆژی رابردوو بۆ جارێکی تر رۆژنامەی (ئازادیا وڵات)ی داخست، ئیدی حاڵی رۆژنامەکانی تریش وایە، بەڵام لێرەدا بۆ ئەوە ئەو رۆژنامەیەم بەنمونە هێنایەوە، چونکە ئەو رۆژنامەیە هەم رۆژنامەیەکی رۆژانەیە و هەمیش رۆژنامەیەکی کەم وێنەیە لەمێژووی رۆژنامەگەری کوردیدا.

لەرۆژهەڵاتی کوردستانیش راستە لەو بەشەی کوردستانیش بەهەمانشێوە رۆژنامە و بڵاوکراوەی کوردی دەردەچێ، بەڵام هەمیشان بەهۆی ئەوەی رژێمەکەی ئێران هەروەکو دوژمن سەیری کورد دەکات و مافە رەواکانی پێ رەوا نابینێ، دەیەوێت ئەو دەنگانەش کپ بکات کە گەل هەڵیدەبڕێ، وەکو لەمیدیاکان هەمیشە دەبینین رۆژنامەوانان لەو بەشەی کوردستان رۆژانە تووشی گرتن و کوشتن و لێدان دەبنەوە، زۆر جار دەبینی بۆ کپکردنەوەی دەنگە ئازادیخوازەکان رۆژنامەکانیان، یان بڵاوکراوەکانیان دادەخەن، ئەمەش بەهەمانشێوە رێگرییەکی گەورەیە لەبەردەم هەر پێشکەوتنێك کە ئینسان بیەوێت لەرێگەی رۆژنامەوە بیکات،ئیدی ئەمەش لەباشووری کوردستان و لەرۆژئاوای کوردستانیش وایە، بەگشتی رۆژنامەوانی کوردی تائێستاش لەدوای سەدونۆ ساڵ مەخابن نەیتوانیوە ببێتە نەتەوەیی، لەبەر ئەم دوو خاڵە:

1- هەر یەکێك لەو پارچانەی کە کوردی تێدا دەژێت، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە تۆتالیتاریزمن، ئەمەش رێگرییەکی گەورەیە کە نەتوانی بۆچوونەکانت دەرببڕی.

2- رۆژنامەکان تا ئەمرۆ دەبینی نەك تەنها بۆ پارچەیەك لەو پارچانە دەردەخرێ، بەڵکو زۆربەی بڵاوکراوەکان لەچوارچێوەی شارێکدا دەمێنێتەوە، واتا شارێك بۆ شارێکی تر ئەو رۆژنامەیە نابینێ.

بەهۆی ئەم دوو خاڵەوەیە پتر تا هەنووکەش ئاستی رۆژنامەوانی کوردی وەکو پێویست نییە و نەیتوانیوە سنوورەکان ببەزێنێت.

نکۆڵی لەوەناکرێت کە ئاستی رۆژنامەوانی کوردی لەباشووری کوردستاندا لەماوەی شانزە ساڵی رابردوودا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، لەماوەی ئەو چەند ساڵەی رابردوودا نەك تەنها لەشارە گەورەکان، بەڵکو لەهەندێ گوندیشدا توانراوە  کە تایبەت بڵاوکراوەی خۆی هەبێت، ئەمەش بۆ خۆی قەڵەمبازێکی گەورەیە لەبواری رۆژنامەوانییەوە، بەڵام بەداخەوە زۆربەی زۆری رۆژنامەکان لەلایەن هەردوو پارتی دەسەڵاتدارەوە قۆرخکراوە، ئەمەش ئاستەنگییەکی گەورەیە لەپێش ئەوەی کە رۆژنامەگەری کوردی لەباشووردا ئازاد نەبێ، چونکە ئەو دوو پارتەی کە هەن دەرەوەی وەسفدانەوەی خۆیان راو بۆچوونی جیاواز پەسەند ناکەن. بەمەش گەر وابێت دوو رێگەت لەپێش دەمێنێت یان ئەوەتا بەسەر ئەواندا پیاهەڵدان بکەیت وەك زۆرێك لەنووسەرە قەڵەمفرۆشەکان دەیکەن، یان ئەوەتا بێ دەنگ بێت و بەرامبەر هەر ناحەقیەکیش نابێت دەنگ و فزە بکەیت، هەبوونی هەندێ بیری جیاواز و ئازاد زۆر جار دەسەڵات تورە دەکات. ئەوە بوو لەماوەی رابردوودا وەك بینیمان چەندەها نووسەر و رۆژنامەوان سەرنوگم کران و چەندێکی تر زیندانی کران و چەندی تر غەرامەکرا، لەکاتێکدا دەستەیەکیش هەیە بەناوی دەستەی بەرگریکردن لەرۆژنامەوانان، لەهەموو باشووری کوردستاندا تەنها چەند قەڵەمێکی جەریئ هەیە، ئەویش بەپەنجەی دەست دەتوانی بیانژمێری کە بێ گوێدانە دەسەڵات،  بابەتی وروژێنەر و گرنگ دەنووسن، بێگومان هەر ئەو قەڵەمانە دەتوانن گۆڕانکاری ئەنجامبدەن. بێجگە لەمەش نووسەر گەلێك هەن دەیانەوێت وا خۆیان پیشان بدەن کە رەخنەگرن، بەڵام لەئەساسدا وانییە، بۆ ئەمەش بانگەوازیم وایە (ئەگەر قەڵەمەکان ئازادانە نەنووسن، شکاندنیان چاکترە)، چونکە تەنها قەڵەمە راستەکان دەتوانێ ئەو دەسەڵاتە ناراستە راست بکاتەوە، لەبەر ئەوەی هیچ رێگەیەکی تر نییە کە ببێتە رێگر لەپێش ئەو هەموو گەندەڵی و نەبوونی ئازادی و مافیەروەرییەی کەبوونی هەیە تەنها لەرێگەی قەڵەمە راستەکانەوە نەبێت.

هەنووکەش تاقە رێگەیەك کە مابێ بۆ ئەوەی بتوانین بۆچوونەکانمان بەئازادانە دەربڕین و ئاستی رۆژنامەگەری پتر بەرەو نەتەوەیی بوون بەرین (ماڵپەڕ و سایتەکان)ە سەربەخۆکانە، لەبەر ئەم هۆیانە:

یەکەم: لەبەر ئەوەی لەدونیای گلۆبالیزمدا ئەورۆ سایتەکان ئەو سنوورەیان بەزاندووە، ئەمەش دەرفەتێکی زێرینە بۆ ئەوەی بتوانی ئەو تێزەی کە مەبەستەمە بێتە دی و ئاستی رۆژنامەگەری کوردی بەرەو نەتەوەیی بوون ببات، چونکە هەر لەرێگەی سایتەکانەوە ئەوپەڕی دونیا دەتوانێت بۆچوونەکانت بخوێنێتەوە.

دووەم: ئەو ماڵپەڕە سەربەخۆیانەی کە بوونی هەیە، سانسۆر ناخاتە سەر ئەو تەوەرانەی کە بۆچوونە جیاوازەکانیش لەخۆ دەگرێت، بەڵام لەرۆژنامەکاندا وانییە، هەر بابەتێك بەگوێرەی رێبازی ئەو رۆژنامەیە نەبێت بڵاوناکرێتەوە، بۆیە دەبێت نووسەرە ئازادیخوازەکان هەر لەرێگەی سایتەکانەوە، هەوڵبدەن شۆڕشێکی رۆژنامەگەری بکەن، بۆ ئەوەی بتوانرێ لەئایندەیەکی نزیکدا قەڵەمبازی گەورە ئەنجام بدرێ.

لەکۆتایدا پێم باشە ئەم بابەتە بە چەند پەیڤێك کۆتای پێ بهێنم و پەیڤەکانیشم ئاراستەی نووسەر و رۆژنامەوانان دەکەم و دەڵێم ئەو کارە رۆژنامەوانییەی کە ئێستا بوونی هەیە، پێویستە قبوڵ نەکرێت و بەبێ گوێدانە هیچ لایەنێك بتوانین بۆچوونەکانمان بخەینە سەر کاغەز و بڵاویان بکەینەوە، ئەگەر وانەبێ ئەو نووسینانەش کە دەنووسەرێ هیچ کاریگەرییەکی نابێت و هیچ گۆڕانکارییەکیش لەگەڵ خۆیدا ناهێنێت، بۆیە هەرگیز نابێت لەکوشتن و لێدان و زیندان بترسین، دووریش نییە لەداهاتوودا ئەو کارانە کە لەرابردوودا گرتووبیانە بەر لەداهاتووشدا نەیگرنە بەر، بۆ شکاندی ئەو هزرە پاشڤەرۆیانە و هێنانە کایەی کۆمەڵگەیەی مۆدێرن و نوێخواز، پێویستە قەڵەمە بەجورئەتەکان هەمیشە لە نیڤساندندا بن.